## شەڕی خۆکوژی بەتوندی مەحکوم دەکەین

### بەیاننامەی کۆبوونەوەی ناوەندی سەرکردایەتی و ژمارەیەک لە کادیرانی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان

جەماوەری تێکۆشەری کوردستان !

سەرلەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە رێکەوتی ١٩٩٤/٥/١٥ بەئامادەبوونی ژمارەیەک لەکادرانی پێشکەوتوو ، ناوەندی سەرکردایەتی کۆبوونەوەیەکی فراوانی لەبارەگای (بیرۆی سیاسی) گرێدا ، کەتیایدا بەتێروتەسەلی لە هۆکارو ئاکامەکانی شەڕی نێوخۆی کوردستان کۆڵرایەوە ، هەروا چالاکی جەماوەری و دیبلوماسی پارتمان ، لەپێناو تەشەنە نەکردنی شەڕو بەرقەراربوونی ئاشتی لەکوردستاندا خرایە ڕوو ، بەتایبەتیش ڕۆڵی پارتەکەمان لەدەستپێشخەری و بەڕێوەبردنی ڕێپێوان و خۆپیشاندانەکانی شاری هەولێرو پێکهێنانی کۆمیتەی دژ بەشەڕو هەروا بانگهێشەکردنی (١١) پارت و رێکخراوی سەرانسەری کوردستان ، کە ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا ، لە نەهێشتنی تەشەنەکردنی شەڕی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان ـ یەکگرتوو . هەر لەم کۆبوونەوەیەدا ، تیشک خرایە سەر زانیاری و ڕاپۆرتەکانی ناوچە جیاجیاکان و ڕاستی ڕووداوەکان بەسەرکرانەوەو شەڕەکە بەتوندی مەحکوم کرا .

پاشان بەوردی لەهەر هۆکارو بەرەنجامەکانی شەڕەکە گفتوگۆ کرا ، ئەوە دووپات کرایەوە ، کە ئەم شەڕە لەئاکامی سیاسەتی پەنجا بەپەنجاو خۆپڕ چەک کردن و پاوانکاری و رکابەری مێژوو لێ هاتوو بەرپابوون ، کە نەخشەو پیلانی داگیرکەرانی کوردستان و دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانیش لەئارادا بوونە ، کە بەردەوام دەیانەوێ ئەم ئەزموونە نوێیەی گەلی کوردستان لەبەین ببەن و حکومەت و پەرلەمانی کوردستان ، کە لەئاکامی هەڵبژاردنێکی گشتی هاتوونەتە دامەزراندن هەڵوەشێننەوەو کێشەکەمان لەچوارچێوەی عێراقدا تەسک بکەنەوە ، کە بەئاشکرا لەکۆبوونەوەی سێقۆڵییەکانی داگیرکەرانی کوردستان و کۆبوونەوەی چوارقۆڵییەکەی ئەنقەرە لە(١٠)ی ئازاری (١٩٩٤) نەخشەی بۆ کێشرابوو .

ئێمە وەک پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان ، هەموو توانایەکمان ، لەڕێگای بنبڕکردنی ئەم شەڕەو دابین کردنی ئاشتی و ئاسایش بۆ سەرانسەری کوردستان خستۆتەکار لەڕێگای سەردانی هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ یەکگرتوو و یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێیان لەچوارچێوەی لیژنەی هاریکاری چەپەکان و چالاکی جۆراوجۆری جەماوەری ،

بەتایبەتیش دەستپێشخەری و میواندارى پارتمان و بۆ نوێنەرانی (١١) یانزە حزب و ڕێکخراوی کوردستانی کە کۆبوونەوەو بۆ بەسمان و لێکۆڵینەوە لەسەر چۆنیەتی ئاگر بەست کردن و پێکهێنانی هێزێکی کوردستانی ئاوێزی کەرخستوە وەو ، کە لەلایەن هەردوو مەکتەبی سیاسیەوە پەسندکرابوو ، بەڵام پێچەوانەی ئەمە دەستپێشخەری هێزە کوردستانی یەکان بن گۆم کرا ، بۆ ئەوەی ڕەچاوی دەست وەستی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان و ڕای گشتی بکرێ ( جێ بەجێ کردنی ڕاستەوخۆی ڕێکەوتنا ـ مەکان بەکۆنگرەی نیشتمانی عێراق ( INC ) سپێردراو ، تەنانەت حزبەکانی نێو بەرەی کوردستانیش خرانە ژێر سەرپەرشتی ( INC )و ئاڵاکەی لەسەر چیا بەرزەکان و بازگەو خاڵەکان هەڵدران ا ئەم هەنگاوە نەک هەر کەم کردنەوە بوو لەرۆڵی (١١) یانزە حزب و ڕێکخراوی کوردستانی ، بەڵکو ( INC) کرایە کوێخاو برای گەورە لەباشووری کوردستان ، بە پێچەوانەی خواست و ئیرادەی سەرتاسەری گەلەکەمان .

ئێمە لەکاتێکدا هەوڵ و ماندووبوونی سەرانی (INC) بۆ وەستاندن و فراوان نەبوونی شەڕەکە بەئیجابی لەقەڵەم دەدەین ، بەراشکاویش دەڵێین دەبوو هێزە کوردستانی یەکانی سەرپەرشتی بەئەنجام گەیاندنی کارەکانیان پێ بسپێردرایە .

هەروا ئێمە داواکاری (٣٤) پەرلەمانتاری کوردستانمان بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان وەکو هەنگاوێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بەباش زانی و پشتگیریمان لێ کرد . لەپێناو پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلەکەمان ، پێویستە هەرچی زووە دیاردەکانی شەڕ بن بڕ بکرێ و هێزەکان بگەڕێنەوە شوێنی جارانی خۆیان و بارودۆخی کوردستان ئاسایی بکرێتەوە .

بۆ دەرباز بوون لەم بن بەستیەی ئەمڕۆی کوردستان ، چەندان پێشنیار و ڕێگا چارەی گونجاو لەم کۆبوونەوەیەدا کەڵاڵە بوون کە ئەمانەن :ـ

١ـ هەڵوەشاندنەوەی شێوازی پەنجا بە پەنجا لەدەسەڵاتدا .

٢ـ پێکهێنانی حکومەتێکی ئینتیلافی بەبەشداری هەردوو حزبی سەرەکی و تێکرای حزبەکانی کوردستان و نوێنەرانی گەلی ئاشوور و تورکمان و کەسانی پسپۆر و نیشتمان پەروەری بێ لایەن و ناسراوی گەلەکەمان .

٣ـ دەستەی سەرۆکایەتی هەرێم هەڵبوەشێندرێتەوە .

٤ـ دەزگاکانی سوپاو پۆلیس و ئاسایش پێویستە ئامرازی دەستی هیچ حزبێک نەبن و بەرگری لەگەڵ و سەروەری کوردستان بکەن و لەسەر بنەمای لێ هاتوویی و پسپۆری دابمەزرێنەوە .

٥ـ لەشکری یەکگرتووی کوردستان ، لەسەر بنچینەی تجنیدکردنی سەربازی ڕا بگەیەندرێت .

٦ـ بەپێی یاسای حزبەکان و یاسای چەک هەڵگرتن ، دەبێ میلیشیا و لیوا تایبەتیەکان هەڵبوەشێندرێتەوە .

٧ـ پێویستە ڕاگەیاندنی حکومی وەکو دەزگایەکی نیشتمانی سەربەخۆ دوور لەحزبایەتی بەڕێوەببرێت .

٨ـ کەمکردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکان و زێدە مەسرەفیان ، بۆ نموونە دەکرێ چەند وەزارەتێکی هاوبەش و هاوئەرکو لەم زرووفەدا ، لەیەکو وەزارەت کۆبکرێنەوە .

٩ـ ئامادەکاری یاسای و هونەری بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی گشتی لە ماوەی شەش مانگدا ، لەژێر چاودێری ڕێکخراوە نێو نەتەوەییەکان .

١٠ـ یارمەتی بە مرۆییەکان ، لەیەکو مەرکەز کۆنترۆڵ بکرێن و ، چۆنیەتی وەرگرتن و دابەش کردنی بەپێی نەخشەو بەرنامەیەکی مەرکەزی لە دۆکارەکانی ڕاگەیاندن ڕابگەیەندرێ .

١١ـ یاسای حزب و ڕێکخراوەکان بەباشی کاری پێ بکرێ و بووجەش بەبێ جیاوازی بەهەموو حزب و ڕێکخراوە ڕێگا پێدراوەکان بدرێت .

١٢ـ بازارو سنوورەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆنترۆڵ بکرێن و خواردەمەنی و ئازوقەی پێویست بەهەموو ناوچەکانی کوردستان بگات و بەربەستی نەکرێ .

١٣ـ سەروەری یاسا بپارێزرێ و مافی مرۆڤ و ئازادیە سیاسی و فەردی و گشتیەکان پێشێل نەکرێن .

١٤ـ خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی و حورمەت و قودسیەتی دام و دەزگا نیشتمانیەکان و شوێنە پیرۆزو مێژوویەکان بپارێزرێن .

١٥ـ بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی خەڵکی ڕەنجدەرو ستەمدیدەی کوردستان لەڕێگای کارپێدان و زیادکردنی موچەو دابەشکردنی ئازوقەو بەربۆ کردنی پێداویستە سەرەکیەکانی گوزەران .

١٦ـ ئەگەر چی پەرلەمان ، کەهەڵبژێر دراوی گەلەکەمانە ، نەیتوانی ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆی ڕابپەڕێنی و بگرە تەنانەت شەرعیەتی یاسایی خۆی لەدەست داوە ، بەڵام ئێمە جەغت دەکەین کە وەکو دەستکەوتێکی مەزنی گەلەکەمان دەبێ بپارێزرێ و لەبارنەبرێت و پێویستە تا ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی گشتی دەست بەکاربێ لەڕێگای ؛

٦ – پرۆژەی دەستورێکی هەمیشەیی بۆ کوردستان گەلالە بکات و ریفراندۆمێکی گشتی لەسەر بکرێ .

ب – پارتمان ، پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان ، کەلەم قوناغەدا لەگەڵ فیدرالیزمی نێوان دوو کۆماری یەکسانی کوردستانی وعەرەبستانی

ئەمانەوە بەرکەوتایە ، لەهەمان کاتدا پێشنیاری چارەدانی ریفراندۆمێکی گشتی لەنێوان (فیدرالیزم و سەربەخۆیی)دا لەباشووری کوردستان دەکا .

بۆ ئەوەی بیانوی هەڵگیرساندنی گشتی دا بڕێژرێ .

دەرچوەی ئەم مانە بڕیار لەسەر بدات .

کۆمەلانی خەلکی کوردستان ، رۆڵەکانی راپەرین !

ئێمە لەروانگەی دڵسۆزیمان بەگەل ونیشتمان و دەربازبوون لەم قەیران و بن بەستیەی کە حکومەتەو پەرلەمان تێی کەوتوون ، ئەم پێشنیارو رێگا چارانەی بەگونجاو دەزانین و هیوادارین بەهەموو لایەکمان بتوانین ئاشتی بپارێزین و گیانی تەبایی و برایەتی لەنێو ریزەکانی گەلەکەمان قولبکەینەوەو لەرێگای گفتوگۆو ئاخاوتنی شارستانی و دیموکراسی کێشەکان چارەسەر بکرێن و بەهیچ شێوەیەک پەنا بۆ بەکاربردنی چەک نەبردرێ .

بژی ئاشتی .. بمرێ شەرو پێکدادان

پێکەوە بشکێ مانۆرو نەخشەکانی داگیرکەرو دوژمنانی گەلی کوردستان .

ناوەندی سەرکردایەتی

پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان

کوردستان ـ ئەولێر ..

١٩٩٤/٥/١٥